**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٩٦٥٩ لە ٢٠٢١/١١/٩**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

**جیاوازی مووچە**

ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن وپێداچونەوە بە ڕێنمایە داراییەکان ژمارە (٣٥ )لە ٢٠٢١\٨\٣١ برگەی (پێنجەم) بڕیارماندابە ، سەرجەم ئەو جیاوازی مووچانەی کە بۆ ئەو مانگانەی کەمووچەی تێدا پاشەکەوت کراوە و بەستراوە دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانبەران و مووچە خۆران و خەرج دەکرێتەوە بەپێی ڕێنماییمان ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

**١- بۆ دام و دەزگاکانی مەڵبەندی .**

بڕی جیاوازییەکە لە پاشەکەوتی مووچەی مووچە خۆران خەرج بکرێتەوە کە لە لایەن گەنجینەی پەیوەندیدارەوە وەکو بارمتە (امانات)تۆمارکراوە .

**٢-بۆ دام و دەزگاکانی نامەڵبەندی.**

بڕی جیاوازەکە لە پاشەکەوتی مووچەی مووچە خۆران خەرج بکرێتەوە کە بە بارمتە (امانات) دانراوە بە بەڵگەنامەی خەرج کردن و بەمەرجێك لەسەر بوودجەی ئەو ساڵەی پاشەکەوتی مووچەکەی لێ کراوە جێگیر (تثبیت )کرابێت بە پەیڕەو کردنی ئەم قەیدانەی خوارەوە :

من ح / بنك (مووچە)

الی ح /جاری مالية (تمويل خزينة)

من ح /رواتب اجور غير مدفوعة.

الی ح / بنك

٣- ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ماددەی (١٧) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠) ، وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە :

١- گۆرینی نووسینگەی دیبەگە بۆ بانکی دیبەگە .

٢-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوبونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**